کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 18:28 19-11-2007

## چیایی قەرەچووغ - موحسین شوانی مەخموور

چیایی قەرەچووغ دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای مەخموور، بەدووری (66) کم کەوتۆتە ڕۆژئاوایی پارێزگای هەولێر، سنووری جیاکردنەوەی دەشتی قەراج ودەشتی کەندێناوەیە، لەنێوان زی ی بادینان وزیی بچووك، بەرزی لای ڕۆژهەڵاتی (792) م ونزمی (396) م، بەرزی لای باکووری (762) م ونزمی (396) مەترە، بەرزترین لوتکەی بێژینگ بەسەرە، ناوەکەشی لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان هاتووە، چیایێکی ووشکە، دارووده‌ونی کەمە، چەند پاشماوەوشوێنەواری ئاشووریەکانی لەدەورووبەری لەگوندی کاولە کەندال وگردی برایم ئاغای دزەیی دۆزراوەتەوە، بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری گشتی لەساڵی 1949چەند لێکۆلینەوپشکنینیان تێداکردووە، دوایش نێردەیێکی ئەلمانی دوای پشکنین چەند پاشماوەیێکی پەیکەری ئادەمێزادی تیا دۆزیتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆزیاترلەهەزاران ساڵ، ئەم چیایە ئاوەدانی تیابووە کەلەسەردەمی ئێستاماندا بە (شاڕگە) بەناوبانگە، وەهەروەها شوێنەواری چەند پەرستگایەك دۆزراوەتەوە دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی شارستانیەتی (العبید الشمالی) پارچە خشتی سوورکراوەی تیادادۆزراوەتەوەدەگەرێتەوە بۆسەردەمی شارستانیەتی (حسون –حلف) وبناغەیکۆشکێکی گەورەی ئاشووری تیادۆزراوەتەوەدەگەڕێتەوە سەردەمی (سەرجۆن) لەسەردەمی عوسمانیەکان ئەم چیایەیان بڕیوەورێگای هاتووچۆیان کردۆتەوە لەسەردەمی فەرمانرەوایی (مشیرئاغای دزەیی) کەبەدەرکی بازارگە ناسراوە، کرێکارانی کوردی ئەم ناوچەیە بی یارمەتی بێگانە بەکەرستەی سادەی ئەوسەردەمە ئەم کارەیان ئەنجامداوە، لەسالانی شەستەوە ئەم رێگەیان قیرتاوکردەوە، چیایی قەرەچووغ چەندسەرچاوەیێکی ئاوی هەیە، لەوانە (دەرمان ئاوە) کە ئاوێکی زۆری لی هەڵدەقولابەڵام بەکەڵکی خواردنەوە نەدەهات، چونکە سەرچاوەیەکی کبریتیە، جووتیاران ناوچەکە جاران لەهاوینە هەواری قەسران کشتوکاڵیان لەبەردادەکرد، وەهەروەها ئەم ئاوە بۆوەکو دەرمان بەکاردەهات بۆزۆر نەخۆشی وەك پێست وگەڕی خەڵکی لەناوچەوشوێنەکانی تربەکۆمەڵ سەردانی ئەم کانیەیان دەکردونەخۆشیەکانیان پێ چارەسەردەکرد، وەهەروەها سوودلەم ئاوە وەرگیراوە بۆکارپێکردنی (ئاسیاو) ئاشی دانەوێڵە، بەڵام دوای گیرسانەوەی ئاوارەکانی کوردانی کوردستانی باکورلەساڵی 1997وبەکارهێنانی ئاوەکە بووە هۆی کەمبوونەوەی وبڕانی ئاوەك لەسەر جووتیارانی قەسران وتاووشکی کرد وئێستا زۆر بەکەمی ئاوێکی شێلووی لێماوە!



سەرچاوەی دووەم (ئاوی بن بەردە) لەکۆنەوە بۆ خواردنەوە بەکارهاتووە لەگەڵ ئاوی (سید ئەمین) چەندکەسانێك بەکاری دێنن بۆباخچەکانیان ودوای ڕاپەڕین ئەم ئاوە راکێشرا بۆباخچەی گشتی مەخموور کە ئەوکاتە بیری تایبەتی بۆلێنەدرابوو،

چیایی قەرەچووغ لەرووی سامانی سروشتی کانزایی دەوڵەمەندە وبەتایبەتی نەوت ویەدەگێکی زۆری نەوتی لێە وچەندان بیری نەوتی کاتی رژێم بەلێدراوی وسەرداخراوی ماوەتەوە، هەبوونی ئەم نەوتەش بۆ دانیشتوانە کوردەکە بۆتە مایەی دەربەدەری وئاوارەیی، هەرلەساڵی شەستەوە (حرس قەومی) هەندی عەشیرەتی عەرەبی کەوتنە گیانی بێدیفاعی ئەو خەڵکەوتالان وسوتان ودەربەدەركران وگوندەکانیان دەستی بەسەرداگیرا، دواى هاتنە سەر حوکمی سەدامیش بەدڕەندەترین شێوازکوردانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەم ناوچەیان لەگوندەکان وەدەرنا ولادێکانیان رووخاندوزەوی زاری جووتیارانی کوردیان بەسەرعەرەبەکان دابەشکردوتەعرییبیان دەست پێکرد!دەیان کۆمەڵکای عەرەب نشینیان لەودەڤەرەدروستکرد،

هەرچەندە ئەم چیایە دارودەوەنی کەمە، بەڵام زۆربەی خاوەن مەڕوماڵاتەکانی ئەم دەشتە بۆتێرکردنی ئاژەلەکانیان پشتیان بەستووە بەداروپووش وکژوگیابەرووبوومی ئەم چیایە بەتایبەتیش (سی گردکان) کەلەشاری مەخموورشسەیری بکەیت وەکوسیکوچکە دیچتە بەرچاو لەسەرووی کانی ئاوی بن بەرد، ئەم چیایەگەلی زۆرە، بەاوبانگەکانی (گەلی مەنجەڵان) کەوتۆتە باکووری رۆژئاوایی دیمەنێکی ئێجگار دڵگیری هەیە لەسەررووی شاخەکەوە ئاوی سازگاردڵۆپ دڵۆپ دەرژێتە ناو سی مەنجەڵی لەبەرد دروست کراو، کەشەوبەکێووشوان ورێبوارەکان سوودی لێوەردەگرن، بۆخواردنەوەولەبەهارانیش بۆسەیران ونەورۆزکردن سەردانی ئەم گەلیەدەن وئاهەنگ دەگێرن، جگە لەمەش گەلێکی تری هەیە بەناوی گەلی سەنگەران بەهە مان شَیوەشەوبەکێوەکان سوودیان لی وەرگرتووە، لەباشووری بازارگە گۆرستانێکی کۆن وگەورە هەیە بەناوی (حسین غازی)

لەدەورووبەری ئەم گۆرستانەورۆژهەڵاتی چیاکە زیاتر لە (50) کارگەکەچی خۆماڵی هەیە، کە باشترین وچاکترین گەچ بەهەم دێنن ولەزۆربەی شارەکانی کوردستان گەچی مەخمووربەکاربەناوبانگە، بێجگە لەوە دانیشتوانی مەخموربۆخانووبەرەوپشت بەبەردی چیاکە دەبەستن، بەرووبوومی بەهاری زۆرە لەوانە (دۆمبەڵان، کوارگ، کاردی کەنگر، تۆلەگە، پیفۆك وقێزبەلە) لەوەرزی پایزیشدا مەردارەکان وشەوبەکێوەکان مەڕَدەبەنەبناری شاخەکەو ئەوشێنانەی پاوان ولەوەرگای کانی زۆرەوتابەیانی ناگەڕێنەوە، چیای قەرەچووغ لەرووی راوی گیاندارو ئاژەڵی یەکان دەوڵمەندە:

(ئاسك –مامز، کەروێشك، رێوی، گورگ، کەمتیار، بەراز، وورچ، پلنگ، سیخورگۆڕهەلکەنە)

ئەم بالدارانەش لەوچیایە بینراون:

باز، هەلۆ، شەهێن، دووبرا وباڵدارەگۆشت خرەکانی وەك عوقاب وخەرتەل وکولارە قەلەرەش ودالاش....

جگە لەم ئاژەل وباڵدارانەی باسمان کرد (کەو) یش لەهەموویان زیاتر هەیە بەناوبانگرین کەوی کوردەواریش کەوی قەرەچووغە.

سەرچاوەکان:

1. راووشکار.. حەوێزجوکل ئاعای دزەیی. چاپخانەی حوادس بەغدا 1990.
2. شوێنەواری ئاشووریەکان. حمید جلال.. پاشکۆی عێراق.
3. The government of the development bowrd z. a. d irrigation pyoject. 1956



ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.